

دەمارگیری
وتەقلیدی مەزهەبی
لە تەرازووی ئیسلامدا
د. إحسان برهان الدين
دەمارگیری وتەقلیدی مەزهەبی
د. إحسان برهان الدين

# دەمارگیری وتەقلیدی مەزهەبی

له تەرازووی ئیسلامدا

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصـلاة والسـلام على افضـل رسـل الله وعلى آله وصحبه ومن والاه.

ئەم نـاميلكه لە بنچينەدا برتييە لە زنجيرە بـاسـێـك لە تۆڕە كۆمەلايەتييەكاندا بڵاوكراوەتەوە و نووســەر تێيدا هەوڵی داوە لە ڕۆشـنايي كيتاب و سـوننەتدا و بەسـوود وەرگرتن لە قسـەی ئەو زانايانەی بە شـوێنكەوتنی قورئان و سـوننەت و ڕێبازی سـەلەف ناسراون، حوكمی ئەم بابەتە و كۆمەڵێك پرسی تری پەيوەنديدار بەم بابەتەوە بخاتەڕوو.

هەمان ئەم باسـانە بە شـيكردنەوەيەكی زياتريش وەكو وانەی دەنگيی لە كەناڵی يوتيوبی نووسەر بڵاوبووەتەوە.

والحمد لله أولا وآخرا.

# پێشەكی

لە دوای وەفاتی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم وهاوەڵە بەڕێزەكانی الله لێیان ڕازی بێت و زانا گەورەكانی سەدە خەیرییەكان بەڕەحمەت بن، ئوممەت ڕووبەڕووی كۆمەڵێك ئاڵنگاری وتاقیكردنەوەی سەخت و بیدعەی نامۆ بە شەریعەت بوونەوە، یەكێك لەو بیدعانەی كە تێیكەوتن و (ما أنزل الله بها من سلطان)، ئەوە بوو بەشێك لە موسولمانان هەندێك لە پێشەوایان و زانایانیان بۆ سەرووی ئاستی مرۆڤەكان بەرز كردەوەو هەموو موسوڵمانانیان وابەستەی ئەوە كرد تەقلیدی یەكێك لەو پێشەوایانە بكەن و دینی ئیسلام بەو گەورەیی و فراوانییەی خۆیەوە تەنها لە چوار پێشەوای شەرعزاندا بچووك كردەوە و ئەهلی ئیسلامیان بەسەر ئەو چوار مەزهەبەدا دابەش كرد، دواتریش بیدعەكە بەوەوە ڕانەوەستا، بەڵكو سەری لە دەمارگیرییەكی نابوت و كۆمەڵێك بیدعەی ترەوە دەركرد كە بۆ باسكردنی دەبێت سەدان وهەزاران لاپەڕەی بۆ ڕەش بكرێتەوە.

سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئەو بیدعەیەش لەناو كورددا وەكو هەمیشە پشكی شێری بەركەوتووە و میللەتی كورد هەر زوو خۆیان یەكلا

کردەوە و قۆڵی تەقلیدکردینان بۆ مەزهەبی شـــافیعی لێی هەڵماڵی و ئەو ڕێڕەوەیان هەڵبژارد ودینی ئیســـلامیان هەر هەمووی لە تێگەیشـــتن و بیروبۆچوون و شـەرح و لێکدانەوانەکانی سـەرانی ئەو مەزهەبەدا قەتیس کرد و بچووك کردەوە و بە کاریگەری مەلاکان و مامۆســـتا ئایینیەکان وای لێهات موسـوڵمان بوون لە دیدی خەڵکیدا بوو بە شـافیعی بوون و هاوکات دژایەتیەکی ڕەگوڕیشـەداریش لە نێوان شـوێنکەوتوانی مەزهەبی شـــافیعی و مەزهەبی حەنەفی ومەزهەبەکانی تردا درووســـت بوو، تاکو ماوەیەك پێش ئیســـتاش لە هەندێ لە مزگەوتە کۆنەکانی گەرمیاندا ئاسەواری ئەو دەمارگیریە لە درووست کردنی میحرابێك بۆ شافیعییەکان ومیحرابێك بۆ حەنەفییەکان هەر مابوو، ئەمە بێجگەلەوەی لە کاتی مارەبڕین و لە کاتی حەج کردن و دەیان جێگای تر هەر وەکو ئەوەی دوو دین بن بەڵام بەناچاری و بەسنورداری ئەمبەر و ئەوبەریان لە نێوان ئەو دوو مەزهەبەدا دەکرد.

بیدعەی دەمارگیری مەزهەبییەت ئەگەرچی هیچ کات لە کوردستاندا نەبڕاوەتەوە و هەر بوونی هەبووە، بەڵام لە دە پانزە ساڵی ئەم دواییەدا و لە دەرەنجامی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری زانستی شەرعی و زۆربوونی ئەو مامۆستا و بانگخوازانەی کە خەڵکی بۆ سونەت و شوێنکەوتنی بەڵگەی

شـــەرعی بـانـگ دەکەن، دەتوانین بڵێین مەددی تەقلیـدی کوێرانە بۆ مەزهەبەکان تەواو لاواز بوو، تەنانەت بەشـــێکی زۆر لە مەلاکانیش کە ئیتر ئەوان پاسەوانی مەزهەبی بوون و شافیعی بوونی ڕەهای میللەتی کورد بوون، تێبینی کرا جۆرێـك لە گۆڕانکـاری و بەخـۆداچوونەوەیـان بەسـەرداهات و پێم وایە تاکو ئێسـتاش الحمد لله دەمارگیری مەزهەبی تەسـك و سـنورداردا ماوەتەوە، هاوكات بازنەی هۆشـیاری ئایینی و شـوێنکەوتنی بەڵگەی کیتاب و سـوننەت و دەسـت گرتن بەبەڵگەی شەرعییەوە لە فراوان بووندایە.

بەڵام ماوەیەکە هەندێ لەوانەی گرفتاری نازناوی زانسـتی خۆیان بوونە و نازانن چۆن خۆیان بکەن بە جێگای باسی خەڵکی، سـەرقاڵی ئەوەن دیسـان فوو لە خۆڵەمێشی ـ مەزهەبی بوون بکەن وگیانی بەبەردا بکەنەوە و دەیانەوێت دەمارگیری مەزهەبی و فیتنەی شـوێنکەوتنی مرۆڤەکان لەسـەر حیسابی دەستگرتن بە بەڵگەکانی کیتاب و سـوننەت زیندوو بکەنەوە، دەیانەویت بڵێن بۆ نموونە ئەگەر تۆ شـافیعی بیت ئیتر ئیسـلامت وەکو خۆی وەرگرتووە و بە زۆری زۆرداری و لە کاتێکدا الله تعالی دوو چاوی سـاغی پێت بەخشـیوە، ئەوان پێت دەڵێن نەخێر تۆ نابینایت و هەسـت بەخۆت ناکەیت، دەبێت مەلایەك یان زانایەك لە

مەزهەبی شافیعی دەستت ڕابکێشێت و تۆیش شوێنی بکەویت چونکە بەتەنها خۆت دینداریت پێ ناکرێت وچارەسەرێك نییە جگە لەوەی مەزهەبێکت هەبێت!

بۆیە بە واجبی خۆمم زانی زنجیرە باسێك لەسەر بیدعەی مەزهەبییەت بنووسم بەو هیوایەی لە کۆتاییدا مادەیەکی وای لێ کۆببێتەوە وەکو کتێبێك چاپ بکرێت، لەلایەکەوە بۆ موسوڵمانان سوود بەخش بێت و بەرچاوڕوونی بێت بۆیان، لەلایەکی تریشەوە بەرائەت دەربڕینی بەندە بێت لە فیتنەیەك کە موسڵمانان لە درێژایی مێژوودا ناڵاندوویانەو بە دەستییەوە .

هەموو ئەو باسانەی لەم بارەوە دەمەوێت بە موسوڵمانانی بگەیەنم لە پۆستەکانی داهاتوودا إن شاء الله دەیانخەمەڕوو، تاکە شتێك کە لێرەدا دەمەوێت باسکردنەکەی پێش بخەم ئەوەیە، لە کاتێکدا مەزهەبی بوونی ڕەها بە بیدعەیەك و بە کارەساتێك دەزانم بۆ موسوڵمانان، نابێت کەس وا تێبگات من لە پێگەی زاناگەلی گەورەی وەکو مالیك و شافیعی و أحمد و زانایانی تر بە ڕەحمەت بن کەم دەکەمەوە، نەخێر، بەڵکو من بەرگری لە ئەوان دەکەم و بە ڕاسپاردەکانی ئەوان کار دەکەم کە فەرموویانە، درووست نییە بۆ هیچ کەسێك کە سونەتی پێغەمبەری

صـــلى الله علیه و ســـلم بۆ ڕوونبوویە بە قســـەی ئێمە بکات وکار بە ڕاوبۆچوونی ئێمە بکات. من دەلێم ئەوان مرۆڤ بونە و هەلەیان کردووە، شـــوێنکەوتووەکانیان هەلەیان زۆرتر کردووە، ئێمە نـابێـت بەڕەهـایی بەقســـەیان بکەین، بەڵکو قســـەکانی لە ڕۆشـــنایی بەڵگەکانی کیتاب و ســـوننەتدا وەردەگرین، موافیق بوو دەیخەینە ســـەر ســـەروچاومان، ناموافیق بوو بۆخۆیانی دەگێرینەوە و بەقســـەیان ناکەین و ئەچینە ســـەر حەقەکە لە هەرکوێ بێت و لەلای هەرکێ بێت.

# ئایا چوار پێشەوای مەزهەبەکان
# ڕازی بوون تەقلید بکرێن؟

باسی ئەوەمان کرد کە ئوممەت لە دوای وەفاتی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم وتێپەڕبوونی سەدە خەیرییەکان، بەتایبەتی لەدوای سەدەی چوارەمی کۆچییەوە بیدعە لە ناویاندا تەشەنەی کرد، نەك تەنها بیدعەی مەزهەبییەت، بەڵکو جۆرەها بیدعە لە دیندا کە مەگەر تەنها بەوە وەسف بکرێت: ( مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ).

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ پێویستە لە خۆمان بکەین، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەم چوار پێشەاو وزانایانەی تەقلید دەکرێن خۆیان بەوە ڕازی بوونە، فەرمانی تەقلید کردنیان بە خەڵکی کردووە، یان هیچ نەبێت بەوە ڕازی بوونە؟ وەڵامەکەی بە کورتی وەربگرە:

هەر چوار سەر مەزهەبەکان کە بریتین لە أبو حنیفة النعمان و مالك بن أنس و محمد بن إدریس و أحمد بن حنبل بەڕەحمەت بن، نەك هەر بەوە ڕازی نەبوونە کەس تەقلیدیان بکات، بەڵکو نەهیان لەوکارە کردووە و لە چەندین وتەی جیاوازدا کە زانایان بە سەنەدەوە لەوانەوە

نەقڵیان کردووە جەختیان کردووەتەوە تەقلید نەکرێن، فەرموویانە ئێمە ئەمڕۆ قسەیەك دەکەین لەوانەیە سبەی لێی پەشیمان ببینەوە چونکە پێچەوانەکەیمان بۆ دەردەکەویت : بۆ نموونە زانایانی وەکو ابن عبدالبر لە جامع طلب العلم وفضله و ابن القيم له أعلام الموقعين و شوكانى و زۆر زانای تر باسی ئەو مەسەلەیان بە تێرو تەسەل کردووە، من لێرەدا هەندێك لە ئەقوالی چوار پێشەوای سەر مەزهەبەکان دەهێنمەوە کە هەمووی بەسەنەدەوە لە سەرەتای کتێبی (صفة الصلاة)دا باس کراوە:

-1یەکێك لە قەولە مەشهورەکانی أبو حنيفة ئەوەبوو کە دەیوت: ( إذا صح الحديث فهو مذهبي) واتە لە کوێ فەرموودەیەکی صحیح تان بینی ئەوە مەزهەبی منە. واتە مەزهەبی مەزهەبی دەلیلی شەرعییە !

هەروەها لێی دەگێڕنەوە بە أبو يوسف ی قوتابی خۆی وتووە: هاوار بۆ تۆ أبو يوسف نابێت هەرچیت لە منەوە بییست بینووسیتەوە، من ئەمڕۆ بۆچوونێکم هەیە سبەی لێی پەشیمان دەبمەوە وبۆچوونێکی ترم بۆ درووست دەبێت، سبەی قسەیەك دەکەم دوو سبەی لێی پاشگەز دەبمەوە ودیدو بۆچوونێکی ترم بۆ درووست دەبێت .

هەروەها دەیفەرموو ئەگەر وتەیەکی من پێچەوانەی کیتاب وسوننەت بوو دەستبەرداری قسەکەی من ببن. بەڵام ئێستا قسەکانی ئەوو زاناکانی

دوای خۆی لەلایەن هیچ موقەللیدێکەوە هیچ تێبینی لەسەر نییە وەکو ئایەت و فەرمووده وەردەگیرێت، بەهەمان شیوە شوێنکەوتوانی مەزهەبەکانی تریش، دەڵێن بێگومان ئەوان بەڵگەکەیان لابووە ولەبەر حیکمەتێك كاریان پێ نەكردووە!!

شایانی باسە ئەبو حەنیفە پێش ئەوەی فەرموودە کۆبکرێتەوە وەفاتی کردووە، ئەگەر لە ژیاندا بمایە وئەو هەموو فەرموودانەی ببینیبا لە زۆر بۆچوون و قیاسەکانی بێگومان پاشگەز دەبوویەوە.

-2سەبارەت بە پێشەوا مالك بن أنس ئەویش قسەی زۆری لێ دەگێڕنەوە، بۆ نموونە دەیفەرموو: من مرۆڤێکم لە هەندێ بۆچوونەکاندا دەیپێکم و هەندێ جاریش بەهەڵەدا دەچم، بۆیە لە قسەکانم ورد ببنەوە کامەی موافیقی کیتاب و سوننەت بوو وەریبگرن، کامەشی موخالیفیان بوون وازی لێبێنن و کاری پێ مەکەن. هەروەها دەیفەرموو: هیچ کەسێك نییە جگە لە پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم نەبێت، ئیللا قسەی لێ وەردەگیرێت و قسەشی ڕەتدەکرێتەوە.

-3لە پێشەوا شافعییەوە بەهەمان شێوە وتەی زۆری لەو چەشنە لێ دەگێڕنەوە، بۆ نموونە دەیفەرموو: ئیجماعی موسوڵمانان لەسەر ئەوەیە

هەرکێ سوونەتێکی پێغەمبەری صلى الله عليه و سلم بۆ دەرکەوت بۆی نییە لەبەر قەولی هیچ کەسێك کاری پێ نەکات .

هەورەها دەیفەرموو ئەگەر لە نووسینی مندا شتێکتان بە خیلافی فەرموودەکانەوە بینی قسەی من فڕێبدەن و فەرموودەکە وەربگرن.

هەروەها دەیفەرموو: هەموو فەرموودەیەك لە رسول الله صلى الله عليه و سلم جێگیر بوو ئەوە قەولی منە، با نەشموتبێت و لێم نەبیستڕابێت.

-4پێشەوای چوارەمیش کە أحمد بن حنبل بوو، هاوشێوەی پێشەوایانی تری مەزهەبەکان قەولی زۆری لێ دەگێڕنەوە، بۆ نموونە فەرموویەتی: (إذا صح الحديث فهو مذهبي) واتە مەزهەبی من مەزهەبی فەرموودەی سەحیحە، لە کوێ فەرموودەیەکی ڕاستتان بینی ئەوە مەزهەبی منە .

هەروەها دەیفەرموو: تەقلیدم مەکەن، تەقلیدی مالك و أوزاعی وثوری مەکەن، بەڵکو ئەوان لە کوێوە زانستیان وەرگرتووە ئێوەش لەوێوە وەربگرن. یەکێکیش لە قەولە مەشهورەکانی ئەوە بوو کە دیفەرموو: ( من رد حديث رسول الله صلى الله عليه و سلم قهو على شفا هلكه)

واتە: هەرکێ فەرموودەیەکی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم ڕەتبکاتەوە، ئەوە لە لێواری لەناوچوون و بە هیلاك چوونی خۆیدایە.

ئەمەی سەرەوە کە باسم کرد مشتێك بوو لە خەرواری وتەکانیان کە نەهیان لە تەقلید کردنی مەزهەب و ڕاو بۆچوونەکانی خۆیان کردووە، بەڵام مرۆڤەکان بە سروشتیان حەزیان لە زێدەڕەوی و تەقدیس و پیرۆز تەماشا کردنی مرۆڤەکانی وەکو خۆیانن، بۆیە دەبینی پێچەوانەی فەرمانی پێشەواکانی خۆیان کار دەکەن و بە قسەیان ناکەن، ئەوان بەتوندی داوایان لێ کردوون تەقلیدیان نەکەن، بەڵام شوێنکەوتووان ئەڵێن نەخێر ئەبێت هەر تەقلیدی ئیوە بکەین و ئێوە هەرچیتان وتووە حەقی بێگومان و قسەی بەڵگەدارە! هەروەکو مەسەلەی ئەو شێخەی دەیوت من غەیب نازانم و موریدەکانی نەیانوت بۆ خۆی قسە دەکات ئەو غەیب دەزانێت!

بەلێ ڕاستە ئەو زانایانە زانای بەرز و بەڕێزی ئیسلام بوون، بەڵام ئەوان خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە ڕەوا نییە و نادروستە وا بزانرێت هەرچی فەتوا و حوکم و قسەیان هەیە و ڕاستەو تەواوە، لەم بارەشەوە جگە لەم چەند نموونەی باسمان کرد، دەیان قەولی ڕوون و ئاشکرایان هەیە، لەبەر درێژەنەدان بە بابەتەکە باسم نەکرد،

# هەڵوێستی موسوڵمان لە پێشەوایانی مەزهەبەکان

لە کاتێکدا ئێمە باسی خراپییەکانی دەمارگیری بۆ مەزاهیبەکان دەکەین و تەقلیدکردنی کوێرانە ورەها بۆ بیروبۆچوون وفەتواکانی ئەوان بە کارێکی ناشەرعی وخراپ دەزانین، یەکێك لەسەرچاوەکانی ئەم بیروباوەڕەمان لە خودی ئەو پێشەوایانەوە بۆ درووست بووە و لەوانمان وەرگرتووە، بۆیە کەس مەبەستی باسەکانمان بەلاڕێدا نەبات و وابزانێت ئێمە لە پێگە وبایەخی ئەو زانایانە کەم دەکەینەوە، نەخێر هەرگیز وا تێگەیشتووە زۆر بەهەڵەدا چووە چونکە ئەو زانایانە بەلامانەوە بەرزو بەرێزن هاوکات بە معصوم و بێ هەڵە و کەموکوتریش نایانبینین.

پێشەوایانی مەزهەبەکان لە باشترین زاناکانی ئوممەتن و خزمەتی موسوڵمانانیان بە زانستەکەیان زۆر کردووە، زانستەکەشیان بووەتە مەشخەڵێك بۆ موسوڵمانان وسەرچاوەیەك بۆ فێرکردنی زانستی شەرعی، قسەی ئێمە کە ڕەنگدانەوەی قسەی زانا ڕەببانییەکانی

ئوممەتە ئەوەیە، ئەوان لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونە و معصوم نەبوونە، نابێت فەتوا وبۆچوونەکانیان وەکو دەقی قورئان و سونەت پیرۆز تەماشا بکەین وبەبێ تەحقیق و لێوردبوونەوە وەرەیان بگرین، نابێت ئەوان ببنە فلتەرێك دینی ئیسلام بە کتێب و بەفەتواکانی ئەواندا بۆ موسوڵمانان ڕەت ببێت، چونکە زانستی ئەوان دەبێت لە چوار چێوەی زانستی مرۆڤەکان و زاناکانی تردا پۆلێن بکرێت و هەمووی لە ڕۆشنایی کیتاب و سوننەتی صحیح دا وەربگیرێن یان ڕەتبکرێنەوە، دەمارگیری و تەقلید کردنی ئەوان بە ڕەهایی، موقەللید بەخۆی بزانێت یان نەزانێت، تەقدیس کردنە و بە معصوم دانانە بۆ ئەوان وئەوەش لەگەڵ بنەمای اعتصام کردن بە کیتاب و سوننەت و تەماشاکردنیان بە تاکە دووسەرچاوەی سەرەکی ڕەها بۆ تەشریع تێکدەگیرێت.

لەلایەکی ترەوە هەرکەسێك لە پێگەی زانستی و دڵسۆزی ئەوان بۆ ئیسلام کەم بکاتەوە، یان تۆمەتباریان بکات و هەر بێ ئەدەبییەك بەرانبەر ئەوان بکات، یان وەکو ئەو فیتنەی ماوەیەکە لەناو کورددا سەری هەڵداوە کە هەندێك جاهیل وخەڵکی نەکیرە تەکفیری ئەوان دەکەن! ئێمە لە هەموو ئەوانە بەرین وحاشا دەکەین و بە جۆرێك لە گومڕایی و بە فیکرێکی مونحەریف وترسناك تەماشای دەکەین، مەحاڵە

لە پێگەی زانایانی ئوممەت کەم بکەینەوە چجای تەکفیریان بکەین، ئەوە لادن و گومراییەکە الله ئێمەی لێ پاراستووە، بەڵکو ئەو پێشەوایانە بە زانای گەورەی ئیسلام دەزانین وڕێزو حورمەتیان لەلامان هەیە وخۆشمان دەوێن، بەڵام وەکو پێشتر وتم نە بە زمانی سەر و نە بەزمانی حاڵ ئەوان بە معصوم و بێ هەڵە وپەڵە نازانین، بەواجبیشی نازانین کەسێك تەقلیدی ئەوان بکات و لە سەر قسەکانی یەکێك لەوان چەق ببەستێت وبۆ قسەی ئیمامێکی تر نەتوانێت دەربچێت ودین لەمەزهەبێکدا یان لە چەند مەزهەبێکدا بچووك بکاتەوە، ئەوە بە واجب کردنی شتێکە کە شەرع بەواجبی دانەناوە، ، بەڵکو وەکو ئەو پێشەوایانە خۆیان فەرموویانە، لە قسەو فەتواکانیان سوودمەند دەبین تا ئەو کاتەی موافیقی کیتاب و سوننەت بێت، هەرکاتیکیش موخالەفەی کرد بەبەڵگە ڕاستەکە کار دەکەین و قسەکەی ئەوان ڕەتدەکەینەوە، زانایانی ئوممەتی ئیسلام تەنها لەسەر چوار زاناو پێشەوای مەزهەبەکان کوۆت هەڵنەهاتوون تاکو تەنها لەوان یان لە یەکێك لەوان دین وەربگرین، دین لە هاوەڵان و لە تابییعین و لەئەوان و لە هەر زانایەکی تر وەردەگرین کە بزانین وابەستەی کیتاب و سوننەتە.

بۆچوونمان دەربارەی چوار پێشەواکە وەکو بۆچوونی ابن قیم الجوزیة یە بەرەحمەت بێت کە دەربارەیان دەفەرموێ: (معرفةُ فضل أئمةِ الإسلام ومقاديرِهم وحقوقِهم ومراتبِهِم، وأن فضلهُم وعلمَهُم ونُصحَهُم لله ورسوله لا يوجَبُ قبول كلِّ ما قالوه، وما وقع في فتاويهم من المسائل التي خفي علىهم فيها ما جاء به الرسول، فقالوا بمبلغ علمهم، والحقُّ في خلافها لا يوجبُ اطِّراحَ أقوالهم جملةً، وتنقُّصَهم والوقيعة فيهم...) إعلام الموقعين : (3/ 294-295).

پوختەی وتە جوانەکەی ابن القیم ئەوەیە: پێویستە فەزڵ وپێگەی ئەو پێشەوایانە بزانین ، بەڵام ئەوەی کە ئەوان زانا و خاوەن فەزڵ وچاکە بوونە وامان لێ نەکات هەموو ئەوەی کە وتوویانە یان ئەو قەولانەیان کە حەقیان تێدا بۆ ڕوون نەبووەتەوە وەربگرین، لەبەر هەڵەکانیشیان درووست نییە زانستە ڕاستەکشیان ڕەتبکرێتەوە، ئەوان ئەوەی لەزانست و توانایاندا بووە کردوویانە هەڵەکانیان پاساو نییە بۆ کەم کردنەوە لە پێگەیان.

# تەقلید کردنی مەزهەب
# چۆن و بۆ کێ ڕێگەپێدراوە؟

هەموو کەسێك کە جاهیل بێت بە حوکمەکانی شەریعەت و ڕێگای گەیشتن بە بەڵگەکانی کیتاب و سوننەت نەزانێت، الله فەرمانی پێکردووە پرسیار لە ئەهلی عیلم بکات، (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) النحل:43 .

لەم ئایەتەو کۆمەڵێك بەڵگەی تر زانایان بەوە گەیشتوون کە کەسی جاهیل دەتوانێت تەقلیدی پێشەوایەك لە پێشەوایانی مەزهەبەکان بکات بەبێ ئەوەی بزانێت دەلیلی ئەوان لە حوکمەکەدا چی بووە، چونکە ئەسڵەن ئەو ناتوانێت لە دەلیل تێبگات، بۆیە چارەسەری هەر ئەوەیە کەسێکی تر واتا زانایەك ڕێگای حەق پێ نیشان بدات، ئەمەیان کەس لاری لەسەری نییە کە کەسی جاهیل بۆی هەیە تەقلید بکات، بەڵام لێرەدا چەند تێبینیەکی گرنگ هەیە:

-1ئەو کەسەی کە بەشەریعەت جاهیلە ، مەرج نییە ئیللا لەسەر مەزهەبی شافیعی یان أحمد بێت، یان ناچار بێت لە چوار چێوەی

پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە دەرنەچێت، ئەوە (لزوم ما لا یلزم)ی پێ دەوترێت، واتە خۆی وابەستە شتێ: کردووە کە شەرع ئەوەی پێوەی وابەستە نەکردووە، بەڵکو هەر زانایەکی موعتەبەر کە بەوە ناسرابێت بە بەڵگەی کیتاب و سوننەت فەتوا دەدات و وەڵامی پرسیار دەداتەوە، ئەوە مەبەستی ئایەتەکەی پێ جێبەجێ دەبێت بۆ ئەوکەسەی بە حوکمەکانی شەریعەت نەزانە.

-2(فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ) مەعنای ئەوەیە پرسیاری بەڵگەکانی کیتاب و سوننەت لەو زانایانە بکرێت، نەك پرسیاری ڕاوبۆچوون و تیگەیشتنی خۆیان. لە هەبوونی بەڵگەی کیتاب و سونەتدا ڕای زانا چ گرنگییەکی هەیە؟ بەڵام ئەگەر بەڵگەکە زیاتر لە مەعنایەکی هەڵدەگرت، یان دەقێکی ڕاستەوخۆ لەسەر حوکمی ئەو مەسەلە نەبوو، لەو حاڵەتەدا پرسیار لە ئەهلی ذکر دەکرێت.

-3تەقلید کردنی مەزهەبێك یان زانایەکی دیاری کراو نابێت وەکو واجب و فەرز سەیر بکرێت، چونکە ئەو واجب بوونە بەڵگەی شەرعی دەوێت و بەڵگەشی لەسەر نییە، پرسەکە هەر ئەوەندەیە کە حوکمی مەسەلەیەکت نەزانی پرسیار لە زانایان دەکەیت بۆ زانینی، نەك یەك مەزهەب بگریت و وابزانیت حەق وڕاستی تێدا کورت هەڵهاتووە.

مەزهەبە فیقهییەکان خێروچاکەیان زۆر تێدایە، زانستی شەرعی باشیشیان تێدایە، بەڵام ئەو مەزهەبانە دواجار هەوڵ وکۆششی مرۆڤەکانە و وەحی نییە لە ئاسمانەوە دابەزیبێت، ڕاست و پێکانی تێدایە، هەڵە و نەپێکانیشی تێدایە، ئەوەش دەرخەری ئەو حیکمەتەیە کە نابێت موسوڵمان دەست بەتەنها مەزهەبێکەوە بگرێت، چونکە ئەوە فێری دەمارگیری دەکات وئەم زنجیرە باسەش هەمووی جەختکردنەوەیە لەسەر وریاکردنەوەی موسوڵمانان لەو مەترسییە.
مەزهەبەکان - وەکو هەندێك لە زانایان فەرموویانە - وەکو ئەوەیە کەسێك بۆ نموونە نەخۆش بێت وبچێتە لای پزیشکێك، یان ئیشی بکەوێتە لای خاوەن پیشەیەك، ئیشەکەی خۆی لەلای تەواو دەکات و مەرج نییە پەیوەندییەکی بەردەوام بەو پزیشك و پیشەوەرەوە ببەستێتەوە، ئەگەر جارێك چووە لای پزیشکێك ودوایی دەرکەوت سوودی لێ نەبینی و نەیتوانی نەخۆشییەکەی بدۆزیتەوە دەچێتە لای پزیشکێکی تر مەرج نییە تاکو ماوە تەنها سەردانی ئەو بکات!
هەر لەو ڕوانگەشەوە بیدعەبوونی دەست گرتن بەیەك مەزهەبی فیقهییەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە تۆ بەوکارەت شتێك لەسەر

خۆت فەرز دەکەیت الله عزوجل لەسەرتی فەرز نەکردووە وفراوانی ئیسلام بە خۆڕایی لەخۆت تەسك دەکەیتەوە.

باوەڕیشمان وایە زۆربەی زۆری ئەو زانایانەی لە درێژایی مێژوودا نازناوی شافیعی و حەنەفی و مالیکی و حەنبەلی یان هەڵگرتووە -جگە لە دەمارگیرەکانیان نەبێت کە لەوانەیە کەم بن وناسراویشن ولەم زنجیرەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت إن شاء الله - هیچ زانایەك ئەوانە چەقی تەنها لەسەر ڕاوبۆچوونی سەرمەزهەب و زانایانی مەزهەبەکەی خۆی نەبەستووە وتەنها ئەوان بەحەق بزانێت، بەڵکو هەرکاتێك بەڵگەی لە مەزهەبێکی تر و لەلای زانایەکی تر بۆ ڕاست بووبێتەوە کاری پێکردووە، ئینجا ئەو زانایانەش کە بە شافیعی و بە حەنەفی و مالیکی ناسراون، ئەوانە ڕۆڵی دادوەر و کەسایەتی زانستی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشیان لەسەردەمی خۆیاندا گێڕاوە، کێشەو قەزاوەت و پرسی گەورەیان هاتووەتە بەردەست کە بەڕاستەوخۆ لە دەقەکاندا باس نەکراون، بۆیە لەسەر مەزهەبێکی دیاریکراو لەو مەسەلانەدا فەتوایان داوە، نەك بڵێی لەهەموو شتێکدا خۆیان لەو بازنەیەدا قەتیس کردبێت.

نموونەش لەو بارەوە گەلێك زۆرە، کتێبی (المجموع) ی نەوەوی و (المغني) ابن قدامة ودەیان و سەدان کتێبی تر هەیە خاوەنەکەی بە

شوێنکەوتوی مەزهەبێك ناسراوە، بەڵام هەرکاتێك بەڵگەی لەمەزهەبێکی تر و لەلای زانایەکی تر بینیبێت، دوو دڵ نەبووە لەوەی مەزهەبەکەی خۆی بەجێ بهێڵێت وکار بە بۆچوونە ڕاستەکە بکات.

ئالێرەشەوە وبەم واتایەی کە دەمارگیری لەگەڵ نەبێت، ئینتیساب خۆی بۆ خۆی بۆ هەر مەزهە.بێك لە چوار مەزهەبە بەناوبانگەکان، یان هەر مەزهەب و ڕێباز و قوتابخانەیەکی زانستی تر، یان وەرگرتنی فیقهی ئیسلامی بە پێی مەزهەبێك لە مەزهەبەکان بەمەرجێك ڕەچاوی دەلیلی کیتاب و سوننەتی تێدا بکرێت، هیچ گرفتێکی شەرعی تێدا نییە، بەڵکو ئەوەی گرفتە ولەگەڵ دەقەکانی کیتاب و سوننەتدا یەکناگرنەوە دەمارگیرییە و بچوك کردنەوەی شەریعەتە ئەوەیە، لە ڕاوبۆچوون و تێگەیشتنی پێشەوایەك و زانایانی تری شوێن کەوتووی ئەودا قەتیس ببن و وا بزانن ئیسلام هەمووی هەر ئەوەیە و بە بەهانەی ئەوەی ئەوان زانا و موجتەهید بوونە ودەرگای ئیجتیهاد تاکو ڕۆژی قیامەت داخراوەو قوفڵی لێ دراوە و بەهیچ شێوەیەك تەحقیق لە بەڵگەی قسەو فەتواکانیان وبەو شێوەش و بەبەهانەی شوێنکەوتنی مەزهەب ، زۆرێك لە حوکمەکانی کیتاب و سوننەت ڕەتدەکرێتەوە وئەمەیش ێگای مەترسییە لەلای هەموو دڵسۆزێکی ئیسلام .

# وابەستەبون بە مەزهەبێکەوە بیدعەیە

لە کاتێکدا موقەلید و شوینپێ هەڵگرانی مەزهەبەکان بەبێ بەڵگەی کیتاب و سوننەت، هەر خەریکی واجب کردنی تەقلید کردنن لەسەر موسوڵمانان و هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە پێیان بڵێن مادام کتێبی مەزهەبەکان هەیە باش نییە و نابێت وهەندێکیان دەڵێن حەرامیشە لە خۆتەوە بۆ زاهیری کیتاب و سونەت بگەڕێنەوە، حەقیقەت ئەوەیە کە تەقلید کردنی یەك مەزهەب و دەست پێوە گرتنی بۆ ئەوەی هەموو حوکمێکی دین لەوێوە وەربگریت وبەناڕاستەوخۆ وەکو معصوم تەماشای مەزهەب و سەرانی بکەیت، لە ڕاستیدا ئەوە کارێکی بیدعەیە و داهێنانێکە لەسەردەمی لاوازی ئوممەت و پەرتەوازەیی حاڵیاندا سەری هەڵدا.

لەوانەیە پێت سەیر بێت و وابزانیت ئەو قسە زێدەڕەوی تێدایە کە هەندێ لەسەرانی مەزهەبییەکان مەزهەبیان پەسەند کردووەتە سەر قورئان و سوننەتیشدا و گەڕانەوەیان بۆ قورئان و سوننەت بەلاوە

پێویست نییە بەڵکو لەلای هەندێکیان گەڕانەوە بۆ زاهیری قورئان و سوننەت بەلایانەوە کوفرە وئەمەش بەڵگەیەك وەکو نموونە:

أحمد الصاوي المالكي کە یەکێکە لە سەرانی ئەشاعیرە و مەزهەبییەکان لە پەراوێزەکەیدا لەسەر تەفسیری (الجلالين) لە ئایەتی (وَلاَ تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذلك غَداً إلا أن يشاء الله) لە بەرگی سێیەم ولە لاپەڕەی 9 دەڵێت" الأخذ بظواهر الكتاب والسنة من أصول الكفر " واتە: وەرگرتنی ڕواڵەتی ئایەت و فەرموودەکان لە بنەماکانی کوفرە و واتە مرۆڤ بەرەو کوفر دەبات !؟ باشە ئەگەر زاهیری قورئان و سوننەت خەڵکی بەرەو کوفر دەبەن - وەکو زانایەکی گەورە فەرموویەتی - ئەی ئیتر چۆن هاوەڵان و تابیعی و شوێنکەوتوانی تابیعییەکان ڕێنوێنییان لە قورئان و سوننەت وەرگرت؟

بەڵام بۆچی مەزهەبی بوون، واتە دەستگرتن بە یەك مەزهەبەوە ودینداری لەسەر یەك مەزهەب، بۆ نموونە لەسەر مەزهەبی شافیعی یان حەنەفی و مەزهەبی تر کارێکی بیدعە و خراپ و داهێنراوە، پوختەی قسەی زانایانتان لەو بارەوە بۆ باس دەکەم:

-1لەبەر ئەوەی ئەسڵ لە دینداریدا مەزهەبی بوون نییە، بەڵکو لامەزهەبییە! کە ئەم دەستەواژە لەلایەن موقەللیدی مەزهەبەکانەوە

وەکو توانج و ناووناتۆرە بۆ شوێنکەوتوانی کیتاب و سوننەت باسی دەکەن، کاتێکیش الله تعالی فەرمان بە کەسی نەزان کرد بگەرێتەوە بۆ لای (أهل الذكر) بۆ ئەوەی پرسیاریان لێ بکات، نەیفەرموو بگەرێنەوە بۆ لای یەك زانا یان یەك مەزهەب، بەڵکو بە (مطلق)ی فەرمانی کرد و مطلق یش بەبێ بەڵگەی کیتاب و سوننەت کەس ناتوانێت (تقييد) وسنووورداری بکە و بەڵگەش نییە.

-2مەبەستێکی تریش هەیە لە پشت ئەوەی مەزهەبی بوون بیدعەیە، ئەویش جیاوازی کردنە لە نێوان شوێنکەوتنی پێشەوایەك و لە نێوان شوێنکەوتنی پێغەمبەردا صلى الله عليه و سلم، چونکە ئەوکەسەی شوێنکەوتووی مەزهەبێك بێت، لە راستیدا شوێکەوتنی خاوەن مەزهەبەکە و شوێنکەوتنی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم ی یەکسان کردووە، بۆ نموونە دەڵێت من شوێنی ئەبو حەنیفە دەکەوم جیاوازی نییە وەکو ئەوەیە شوێنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کەوتبم. الله تعالی لە قوراندا فەرموویەتی: ( فبشر عباد الذين يستمعون القول فيتبعون أحسنه ) الزمر:18. واتە الله تعالی ستایشی ئەوانەی نەکردووە کە بە ڕەهایی گوێبیست و گوێڕایەڵی هەموو قسەیەك دەبن، بەڵکو تەنها ستاشی ئەوانەی کردووە کە گوێڕایەڵی تەنها قسەباشەکان دەبن، چونکە

جگە لە پێغەمبەر صلى الله لعيه و سلم کەس نییە هەموو قسەکانی ڕاست و باش بێت.

پێشەوا مالك بە ڕەحمەت بێت دەیفەرموو: (لیس كلما قال رجل قولا وإن كان له فضل يتبع عليه ) واتە مەسەلەکە وا نییە هەرکێ قسەیەکی باشی کرد وخەڵکی شوینی بکەون! هەروەها لە مالك و لە أحمد یش بەرەحمەت بن دەگێڕنەوە فەرموویانە: هیچ کەسێك نییە جگە لە رسول الله صلى الله عليه و سلم ئیللا قسەی لێ وەردەگیریت و لێیشی دەدرێتەوە بەسەریدا و وەرناگیرێت.

-3هۆکاری سێیەم لەسەر خراپی تەقلید و شوێنکەوتنی مەزهەبێك ئەوەیە لەسەردەمی سەلەفی چاکی ئەم ئوممەتە و لە سەردەمی سەدە خەیرییەکاندا هاوەڵان دابەش نەبووبوونە سەر هاوەڵە گەورەکاندا بۆ نموونە کۆمەڵێکیان بەکری بن و کۆمەڵێکی تریان عومەری بن و دەستەیەکیان عوسمانی بن و جەماعەتێکی تریان مەسعودی بن!!

ئەگەریش تەقلید کارێکی درووست و باش بوایە ئەوان ئەو خێرەیان لەدەستی خۆیان نەدەدا.

زانای گەورە ابن عبدالبر لە کتێبی( جامع بيان العلم وفضله) زۆر بە جوانی وبەشێوەیەکی زانستی و بەبەڵگەی کپکەرەوە بەرپەرچی موقەلید و

شوێنکەوتووی مەزهەرەبەکانی داوەتەوە، إن شاء الله لە بەشێکی سەربەخۆدا باسی گفتۆگۆ و بەرپەرچدانەوەکانی بۆ ئەوان دەخەینەڕوو.

لە ڕاستیدا دابەش بوونی خەڵکی لەسەر چوار پێشەوا ، هەندێکیان شافیعی و هەندێکیان حەنەفی و ئەوانی تر مالیکی و حەنبەلی و چەق بەستنیان لەسەر بیروڕاو تێگەیشتنەکانی ئەوان دینداری بکەن و هەر کۆمەڵێکیش دەمارگیری بۆ پێشەواکەی خۆی هەبێت، ئەوە وەکو ڕۆژی ڕوناك دیارە کە بیدعەیەکی ئاشکرایە ونامۆیە بەڕوحی ئیسلام، پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم فەرموویەتی :( أما بعدُ، فإن خيرَ الحديثِ كتابُ اللهِ وخيرَ الهديِ هديُ محمدٍ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ وشرَّ الأمورِ محدثاتُها وكلَّ بدعةٍ ضلالةٌ) هەروەها فەرموویەتی: (مَن أَحْدَثَ في أَمْرِنَا هذا ما ليسَ فِيهِ، فَهو رَدٌّ ) البخاري (2697)، ومسلم . (1718)

# لە مەزهەبەکاندا
# بۆچوونی زانا پێش دەقەکان دەکەوێت!

یەکێك لە کارەساتەکانی ناو کتێبی مەزهەبەکان ئەوەیە، هەندێ جار سەرەڕای جێگیر بوونی فەرموودەیەك لەلای خاوەن ئەو کتێبە مەزهەبییە، بۆ نموونە لە مەزهەبی حەنەفیدا، دەبینین بەهۆی دەمارگیری یان لە ڕقی مەزهەبێکی تردا، زاناکە بۆچوونی خۆی پێش فەرموودەکە دەخات و کار بە فەرمودەکە ناکات، لەسەر ئەم کارەساتە ئەگەر لە کتێبە مەزهەبییەکاندا بگەڕێیت نموونە گەلێك زۆرە، بەڵام من تەنها دوو نموونە لەوانەی خاوەنی کتێبی (بدعة التعصب المذهبي ) هێناوێتی باس دەکەم:

یەکەم: دانەری کتێبی (الهداية) وەکو شێخ ناصر الدين الألباني لە (أحكام الجنائز وبدعها 108-109) دەیگێڕێتەوە، یەکێکە لەکتێبە لەپیش و سەرەکییەکان مەزهەبی حەنەفی، لە بەرگی یەك لاپەرە 462 لە کاتی باسکردنی چۆنێتی ڕاوەستانی ئیمام لە نوێژی جەنازەدا دەڵێت:

(ويقوم الذي يصلي على الرجل والمرأة بحذاء الصدر. قال: لأنه موضع القلب، وفيه نور الإيمان، فيكون القيام عنده إشارة إلى الشفاعة لإيمانه) واتە: ئەو کەسەی نوێژ لەسەر مردووی پیاو وئافرەت دەکات لە ئاستی سنگی مردووەکە ڕادەوەستێت چونکە ئەوە جێگای دڵە ونوری ئیمان لەو جێگەیە، بۆیە ڕاوەستانی ئیمامەکە لەو جێگەیە ئاماژەیە بۆ شەفاعەت کردن بۆ ئیمانی ئەو کەسە!

ئەمەش لە کاتێکدایە خاوەنی کتێبی هیدایە خۆی ئەو فەرموودەی پێشتر هێناوە و ئاگەدارە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:

پێشنوێژ لە نوێژی مردوودا لە ئاستی سەری مردووی پیاو دەوەستێت و لە ئاستی ناوەڕاستی ئافرەتی مردوو ڕادەوەستێت بۆ نوێژکردن، لەوەش سەیرتر، خودی أبو حنيفة کە ئیمام و سەر مەزهەبی خاوەن کتێبی الهداية یە، هەروەها أبو يوسف و الطحاوي کە ئەوانیش لەسەرانی مەزهەبەکەن، بەڵکو جومهوری زانایان هەمووی لەسەر کار کردنن بەو فەرموودە ، بەڵام ئەو بە هۆی دەمارگیری مەزهەبی و هەندێ بەهانەی بەتاڵەوە فەرموودەکە ڕەد دەکاتەوەو بە ڕاو تیگەیشتنی خۆی کار دەکات.

دووەم: خاوەنی کتێبی شرح العناية على الهداية (226-225/1على هامش فتح القدير)كه ئەو زانایەکی حەنەفییە، دەڵێت: (إن حضورهن - أي النساء - الجماعات متروك بإجماع المتأخرين) خاوەنی کتێبی فتح القدير يش هەمان قسەی کردووە. واتە: ئامادە بوونی ژنان بۆ نوێژی جەماعەت لە مزگەوتەکاندا بە ئیجماعی زانا (متأخر) ەکان کاری پێ ناکرێت!

ئەمەش هەڵە ولادانێکی گەورەیە لە سوننەت لەبەر دەستگرتن و دەمارگیری بۆ مەزهەبەکەی، چونکە لە هەردوو صحيح البخاري ومسلم دا هاتووە لە فەرموودەی ابن عمر کە پێغەمبەر صلى الله وعليه وسلم فەرموویەتی: (إذا اسْتَأْذَنَتِ امْرَأَةُ أحَدِكُمْ إلى المَسْجِدِ فلا يَمْنَعْها) البخاري .(5238) :مسلم (442). واتە: ئەگەر ئافرەتی کەسێکیتان داوای مۆڵەتی ڕۆیشتنی بۆ مزگەوت لێتان کرد با ڕێگری لێ نەکات.

کاتی خۆیشی کوڕێکی هاوەڵی گەورە عبدالله بن عمر الله لێی ڕازی بێت بەباوکی وت، بەڵام ئێمە ڕێگە بەئافرەتەکانمان نادەین بچنە مزگەوت! ئیتر باوکیشی لێی تورە بوو و تاکو لە دونیا دەرچوو قسەی لەگەڵی نەکرد لەبەر ئەوەی قسەی رسول الله ی صلى الله عليه وسلم رەتکردەوە.

کارەساتەکەش وەکو وتم ئەوەیە لەم جۆرە موخالەفاتانە لە کتێبی هەموو مەزهەبەکاندا زۆرە، کەسیش لە مەقەلید و مامۆستا و مەلا و شوێنکەوتوان پاساوی بۆ دەهیننەوە و بە وشەیەکیش لەبەرانبەر ئەو هەڵە گەورانە ڕاناوەستن و هیچ نەبێت داوا بکەن ئەو کتێبانە لەو کارەساتانە پاك بکرێنەوە.

# دڵۆپێك

# لە دەریای نالەباریی دەمارگیری

ئایا دەزانیت تاکو ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمی میلادیش لەناو مزگەوتی الحرام دا لە مكة، چوار جەماعەتی جیاوازی نوێژ دەبەسترا، هەر مەزهەبێك و ئیمام ومیحرابی خۆیان هەبوو؟ فەوزایەك بوو نوێژی مەغریب نەبێت بۆ هەموو نوێژەکان چوار جەماعەتی جیاواز بۆ یەك نوێژ ئەنجام دەدرا، هەر وەکو ئەوەی چوار دینی جیاواز بێت!

حەنەفییەکان لە دوای ئیمامی خۆیان ومالیکی وشافیعی و حەنابیلەکانیش بەهەمان شێوە تەنها لە دوای ئیمامی خۆیانەوە نەبێت نە نوێژ و نە تەراویحیان نەدەکرد، کەس لەدوای ئیمامی مەزهەبێکی ترەوە نوێژی نەدەکرد، ئەو حاڵەتە نامۆیە بەدینی ئیسلام کە بەناو ناو ئیسلامەوە دەکرا هەر بەردەوام بووو تاکو شا عبدالعزیز فەرمانی بەلابردنی کرد وهەمووی بوو بە یەك جەماعەت .

دەمـارگیری بۆ مەزهەبە فیقهییەکـان لاپەڕەیەکی ڕەش بوو لە مێژووی ئیسلام وبۆ چەندین سەدە دینی ئیسلامیان ناشیرین کردبوو، دەمارگیری بۆ مەزهەبە فیقهییەکان یەکێك بوو لە گەورەترین ئەو کارەســـاتانەی تووشی ئیســـلام و موســـوڵمـانـان بوو، بۆیە هەرکەســێك بەهەر بەهـانەیەکەوە هەوڵی زینـدووکردنەوەی ئەو دەرمـارگیرییە مەزهەبییە بـدات، بزانێـت یـان نەزانێـت، خەریکی ئـاراســـتەکردنی زەربەیەکی زۆر گەورەیە لە ئیســـلام و موســـوڵمانان، چونکە (تعصـــب)ی مەزهەبی دەعوەیەکی ناراســـتەوخۆیە بۆ لاوازکردنی پێگەی کیتاب و ســـوننەت و دەســـەڵات پێدانی ڕەها بە مرۆڤەکان لە ســـەر حیســـابی دەســـتگرتن بە قورئان و سوننەتەوە.

- ئیســـلام تەنها ئەوەیە کە لە کیتاب و ســـوننەتدا هاتووە و زانایانیش - بەتایبەتی زانایان سەلەف و ئەوانەی لەسەر ڕێبازی ئەوانن - مەشخەڵی ڕێگـان و ســـەرگەورەی ئێمەن، بەڵام ئەوان (مشرِّــع) نین ونە هەرگیز خۆیشـــیان بەوە ڕازی دەبن, حەڵاڵ وحەرامیان بەدەســـت نییە، بەڵکو ڕۆڵیـان ئەوەیە بەڵگەکـانی کیتـاب و ســـوننەتمـان بۆ شـــەرح بکەن و بیبەســـتنەوە بە واقیعی ژیانەوە بۆمان، ئەوان دەبێت هۆکاری یەکڕیزی ئوممەت بن نەك تەفرەقە و پەرتەوازەییان.

لە جیاتی ئەوەی هیچ ناوێك لەخۆت بنەیت کە ( مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍ)، بە ئەوپەڕی دڵنیایی و و شانازییەوە ئەو ناوە بە موسوڵمانم و شوێنکەوتووی کیتاب و سوننەتم بگۆڕە وبەو شێوە بۆ لای پەروەردگارت بگەریرەوە بۆ ئەوەی سەرفراز بیت.

هەرکێ باسی زەرورەتی دەست گرتنی بە تەنها مەزهەبێکەوە بۆتان کرد ، پێی بڵێن: فراوانی ئیسلاممان بۆچی لەیەك مەزهەب و تێگەیشتنی یەك زانادا لێ تەسك دەکەیتەوە؟ الله لەو دەمارگیرییە مەزهەبییەی تۆ مژدەمان پێ دەدەیت و بۆت هیناوین باشتری پێ بەخشیوین: کیتاب و سوننەت، تەرازوویەکە مەزهەبەکان و هەموو مرۆڤەکان و هەموو شتێکی لەم دونیابەرینەدا پێ دەکێشین و پێوەرێکە هەموو شتێکی پێ دەپێوین و قسەی مرۆڤەکان لە خۆمان ناکەین بەدین، کێ بەڵگەی کیتاب و سوننەتی هەبوو بوو قسەکەی دەخەینە سەر سەرو چاومان، ئەگەر نەیبوو بەدیواریدا دەکێشین، ئەوە فەرمانی شافیعی و سەر مەزهەبەکانی ترە بەڕەحمەت بن.

ئەنجامدانی چوار جەماعەتی جیاواز بۆ هەر نوێژێك لەناو مزگەوتی حەرامدا .

بەڵێ بەڕێزان لە ناو (المسـجد الحرام)دا لە مەککە و لە پاڵی کەعبەدا  بۆ ماوەی چەندین سـەدە چوار میحراب هەبووە بۆ شـوێنکەوتووی چوار مەزهەبە فیقهییەکان و چوار جەماعەتیان بە جیا کردووە و کەسـیان ئامادە نەبوونە لەدوای ئیمامی مەزهەبەکەی ترەوە نوێژ بکەن، هەندێك بەڕیز گومانیان لەوە دەربڕیوە و دەپرسـن ئایا ئەوە ڕاسـتە و بەڵگە لەسەری چییە:

بەڵێ ئەوە حەقیقەتێکی مێژوویەوە و لە دوای سـەدەی شـەشـەمی کۆچییەوە ئەو حاڵەتە بۆ سـەدان سـاڵ بەردەوام بووە و تاکو کەمتر لە سـەد سـالێك پێش ئێسـتەش هەر بەردەوامی هەبووە کاتێك لەسـەردەمی الملك عبد العزیز آل سـعود و بەبڕیاری ئەو میحرابەکان لابران و ئەو حاڵەتە بنەبڕ کرا و ئیتر جیهانی ئیسلامیش بەدوای ئەواندا ئەو دیاردەیان نەهێشت.

لە راسـتیدا لابردنی ئەو چوار مەقام و میحرابە ویەکخسـتنی نوێژەکان لە سـەر یەك پێشنویژ لە سەدەی بیستەم و لەناو حەرەمی مەککەدا کارێکی ئاسـان نەبوو، چونکە پێویسـتی بە بڕیارێکی مێژوویی بوێرانەی سـەخت بوو، بۆ ئەنجامدانی ئەو بڕیارەش ملك عبدالعزیز زانایانی بۆ کردەوە سـەرەتایش بۆ تێپەڕاندنی بڕیارەکە جۆرێك لە ڕێککەوتن و سـازش لە

نێوان ئەهلی چوار مەزهەبەکە وزانایاندا کرا وپێشنوێژەکان لە هەر چوار مەزهەبەکە هەڵبژێردران و بۆ هەر نوێژێك پێشنوێژێکی سەر بەیەکێك لە چوار مەزهەبەکە پێشـدەخرا نەهێشـتنی ئەو دیاردەیە پێویسـتی بەکات بوو و قۆناغ قۆناغ بە قۆناغ نەك بەیەك جار بنەبڕ کرا.

چەندین سـەدە بوو نوێژەکان لە مزگەوتی الحرام لە مەککەدا فەوزایەکی ناخۆشی پێوە دیار بوو، لەبەر ئەوەی بە نۆرە و یەك بەدوای یەکدا لە دەوروبەری کەعبەدا چوار جەمـاعەتی نوێژ ئەنجـام دەدرا، سـەرەتـا بانگدەری شـافیعییەکان قامەتی دەکرد و ئیمامەکەیان پێش دەکەوت و جێگای تایبەتی نوێژی ئەوان لە پشـتی مەقامی إبراهیم بوو علیه السـلام، بەدوای ئەوانـدا حەنەفییەکان نوێژیـان دەکرد و جێگای نوێژی ئەوان بەرانبەری (میزاب) ی کەعبە بوو، جێگای تایبەتی مالکییەکانیش بەرانبەر ڕوکنی یەمانی بوو، جێگای حەنابیلەش لە نێوان بەردە ڕەشـەکە و ڕوکنی یەمانیدا بوو.

لە سەردەمانی زووتریشدا وا دیارە هەموو ئیمامەکان لەیەك کاتدا نوێژیان بە شـوێنکەوتووی مەزهەبەکەی خۆیان دەکرد و دەنگی تەکبیراتەکان تیکەڵ بەیەکتر دەبوون و وجـاری وابوو نوێژخوێنی شـافیعی هەڵەی دەکرد و بە دەنگی تەکبیری ئیمـامی حەنەفییەکان بۆ ڕکوع دەچوو، بۆیە

هەموان دەبوو هەستی بیستنیان زۆر هەستیار بێت و هەر یەکەو ئیمامی خۆی بناسـێت، ئینجا جگە لە چوار مەزهەبەکە مەزهەبی زەیدی یان شـیعەکانیش پێشـنویژ و جێگای نویژی خۆیان جیاواز بوو، وەکو ابن الجبير لە کتێبی گەشـتە بەناو بانگەکەیدا لەوبارەوە باسی حەجی سـاڵی 579 کۆچی دەکات و دەڵێت :

" وللحرم أربعة أئمة سـنية وإمام خامس لفرقة تسـمى الزيدية ... فأوّل الأئمة السنية الشافعي ، وإنما قدّمنا ذكره لأنه المقدّم من الإمام العبّاسي ، وهو أول من يصلي ، وصلاته خلف مقام إبراهيم صلى الله عليه وسلم وعلى نبينا الكريم ، إلا صـلاة المغرب فإن الأربعة الأئمة يصـلونها في وقت واحد مجتمعين لضـيق وقتها : يبدأ مؤذن الشـافعيّ بالإقامة ، ثم يقيم مؤذّنو سائر الأئمة. وربما دخل في هذه الصلاة على المصلين سهو وغفلة لاجتماع التكبير فيها من كل جهة . فربما ركع المالكيّ بركوع الشـافعي أو الحنفيّ ، أو سـلّم أحدهم بغير سـلام إمامه . فترى كل أذن مصـيخة لصـوت إمامها أو صـوت مؤذنه مخافة السـهو ، ومع هذا فيحدث السهو على كثير من الناس " " رحلة ابن جبير " لاپەڕەی (70) .

ئیمامی الصـــنعاني رحمه الله له کتێبی " تطهير الاعتقاد " لاپەڕە (78:) باسی ئەو چوار جەماعەتەی ناو حەرەمی مەککە دەکات و دەڵێت ئەوە بیدعەیە جۆرەها خراپەی لەخۆ گرتووە و بەهۆیەوە موســـوڵمانان بوون بە مایەی پێکەنین و گاڵتە پێکردنی شەیتانەکان پێیان، دەڵێت:" هذا حَرَمُ الله الذي هو أفضـــلُ بقاع الدنيا بالاتفاق وإجماع العلماء، أحدَث فيه بعضُ ملوك الشراكســة الجهلة الضُّــلال هذه المقامات الأربعة، التي فرَّقت عبادات العِباد، واشتملت على ما لا يُحصيه إلاَّ الله عز وجل من الفســاد، وفرَّقت عبادات المســلمين، وصــيَّرتهم كالمِلَلِ المختلفة في الدِّين، بدعةٌ قرَّت بها عينُ إبليس اللعين، وصــيَّرت المســلمين ضــحكةَ الشياطين،.... " .

نوێژکردن بەو شێوەو چوار جەماعەت ڕۆژانە چوار جار دووبارە ببێتەوە، بێگومان کاتی زۆری دەویست و وەکو وتم بەردەوام جۆرێك لە پشێوی لەناو حەرەمدا دروســـت دەکرد، بەڵام ئیتر ئەوە واقیعێك بوو خەڵکی لەگەڵیدا ڕاهاتبون، کێشـــەیەك کە بۆیان دروســـت دەبوو نوێژی مەغریب بوو، لەبەر ئەوەی کاتەکەی کەمە، مەحاڵ بوو چوار جەماعەتی تێدا بکرێت، بۆیە ناچار ناچار شـــوێنکەوتوانی هەر چوار مەزهەبەکە لە دوای یەك ئیمامەوە نوێژیان دەکرد.

ئەم حـاڵەتە نـامۆیەی کە بـاسـمـان کرد هیچ لە پێشـەوایانی سـەر مەزهەبەکان و زۆرێك لەوانەی دوای ئەوانیش بەڕەحمەت بن پێی ڕازی نەبوونە و ڕێگەیان نەداوە، بەڵام لەدوای سـەدەی شـەشـەمی کۆچی کە دەمارگیری بۆ مەزهەبەکان گەیشـتە ئاسـتێکی یەکجار سـەخت و توند ودوژمنایەتی شـوێنکەوتوانی مەزهەبەکانی لەناو خۆیاندا لێ کەوتەوە، دەنگی مەزهەبییە توندڕەوەکان بەرز بوویەوە و قسـەی خۆیان سـەپاند وئیتر بڕیاردرا لە پشـتی یەکتریشـەوە نوێژ نەکرێت، بەڵکو دەمارگیری مەزهەبی لەمەش زۆر خراپتری لێکەوتەوە کە من حەز نـاکەم بـاسی هەمووی بکەم.

فەرموودەناس شێخ أحمد شاکر بەڕحمەت بێت لە پەراوێزەکەی لەسەر سـونەنی الترمذي (431/1) باسی ئەو دیاردەیە دەکات و دەڵێت ئێمە فریای نەکەوتین و نەمانبینی، چونکە کاتێك ئێمە حەجمان کرد مەلیك عبدالعزیز ئەو میحراب و مەقامانەی مەزاهیبەکانی لابردبوو. وای ئەوەی کە باسی هەمان حاڵەت لە مزگەوتەکانی الأزهر والحسـين دەکات لە میسرـ ئینجا باسی المسـجد الحرام دەکات و دەڵێت: " بل قد بلغنا أن هـذا المنكر كان في الحرم المكي ، وأنـه كان يصـلى فيـه أربعـة أئمـة يزعمونهم للمذاهب الأربعة ، ولكننا لم نر ذلك ، إذ أننا لم ندرك هذا

العهد بمكة ، وإنما حججنا في عهد الملك عبد العزيز آل سعود – رحمه الله- ، وســـمعنا أنه أبطل هذه البدعة وجمع الناس في الحرم على إمام واحد راتب ، ونرجو أن يوفق الله علماء الإسلام لإبطال هذه البدعة من جميع المساجد في البلدان بفضل الله وعونه إنه سميع الدعاء " .

الحمد لله دەتوانم بڵێم سـەدا نەوەدی ئەو حاڵەت و دیاردە ناشـەرعی و پەرتەوازەیی ئوممەتە بە هۆی دەمارگیری بۆ مەزهەبەکان لە ئێســـتادا لە هەموو جیهاندا بوونی نەماوە و موسوڵمانان بەگشتی هۆشیارن و دوورن لەو دیاردانە، بەڵام زانینی ئەم لاپەرە ڕەشـانەی مێژوویش بۆ پەند و وانە وەرگرتن و وریـابوون لەوەی کەس کـار بۆ گێڕانەوەی ئەو ســـەردەمە نەکاتەوە بەبڕوای کارێکی پێویستە.

ئینجا ئەمە راوبۆچوون و تێگەیشـتنی خۆمە کە لە قورئان و سـوننەت و ئیجماعی ســـەلەف و زانایانی ئوممەتەوە وەرم گرتووە،کێ بەلی نییە یان کار بۆ گەرانەوەی دەمارگیری بۆ مەزهەبە فیقهییەکان دەکات ئازادە و با ئەوکەسـانەش خەریکی کار و ئامانجی خۆیان بن: (وقل اعملوا فســيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون).

دەربارەی ئەم باسەی سەرەوە سەرچاوە گەلێك زۆرن، تەنها بۆ نموونە:

- " تاريخ عمارة المسجد الحرام " حسين با سلامة.

- رحله ابن جبير.

- رحله ابن بطوطة: تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار.

- الأنس الجليل في تاريخ لاقدس والخليل/ عبدالرحمن عليمي.

- تعليق الشيخ أحمد شاكر على سن الترمذي.

- " مواهب الجليل " (110-109/2) .

ئەوە تەنها بۆ نموونە، ئەگینا دەیان سەرچاوەی مێژوو لە کۆن و هاوچەرخەکاندا باسی ئەو مەسەلەیان کردووە و وێنەکانیشی هەمووی لە یوتیوب و لە ئیتەرنێت بەگشتی بوونیان هەیە.

# فیتنەی دەمارگیری

لە شاری ئەسفەهان و لەساڵی 560ی کۆچیدا، شەڕو ئاژاوەیەك لە نێوان مەلا وفەقیهەکانی هەر چوار مەزهەبەکە سەری هەڵدا و شەڕێکی خوێناوی زۆر گەورەی لێ کەوتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕ وئاشوبە مەلایەکی شافیعی بوو بەناوی عبداللطيف الخجندي الشافعي بوو لە دژی ئەوانەی لەگەلی ناکۆك بوون لە شوێنکەوتوانی سێ مەزهەبەکانی تر، بەو هۆیەوە جەنگێك بەرپا بوو هەشت ڕۆژ بەردەوامی هەبوو، لەو جەنگەدا خەڵکێکی زۆر کوژران و ئاگر بەردرا لە زۆرێك لە ماڵ و بەرژەوەندی نەیارەکان لە نێوان خۆیاندا، دوای ئەو هەشت ڕۆژەش بە ناشیرینترین شێوە شەڕەکەیان ڕاگرت و لەیەکتر دوورکەوتنەوە، بەڵام ئەم جەنگ و فیتنە بوو بەمایەی لێکترازان و پەرتەوازەیی زیاتر لە ناو موسوڵماناندا، بۆیە:

هەرگێز با ڕێگە نەدەین دەمارگیری مەزهەبی زیندوو بکرێتەوە.

بڕوانە: 1 ابن الأثير : الكامل ، ج 9 ص: 478 . و ابن كثير : البداية ، ج 12 ص: 249 . و الذهبي: العبر ، ج 4 ص: 169

# گۆڕستانی خۆمانە بۆ مردووی خۆمان

لە سـەدەی شـەشـەمی کۆچیدا بەهۆی دەمارگیری بۆ مەزهەبە فیقهییەکان کە ئەو کاتە لەچڵەپۆپەیدا بوو ، دوژمنایەتی نێوان هەردووو مەزهەبی شـافیعی و حەنبەلی گەیشـتبووە ئاسـتێکی زۆر خراپ، تەنانەت حاڵ بەوە گەیشـتبوو، هەندێك لە مەزهەبەکان ڕێگەیان نەدەدا مردووی مەزهەبێکی تر لە گۆڕسـتانی ئەواندا بنێژرێت، بێگومان ئەوەش حاڵەتیکی زۆر نامۆ بوو بەدینی ئیسلام و بەهۆی فیتنەی (تعصب) و دەمارگیری بۆ مەزهەبەکان درووست بوو.

لە سـاڵی 573ی کۆچی فیتنەوئاشـوبێك لە نێوان شـوێنکەوتوانی هەردوو مەزهەبی شـافیعی و حەنابیلە هەڵگیرسا، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کاتێك محمد بن عبداللە الشـافعی کە وتارێژی مزگەوتی المنصـور بوو وەفاتی کرد، حەنابیلەکان ڕێگریان کرد لەوەی لە گۆڕسـتانی ئیمام أحمد بن حنبل بنێژرێت، چونکە ئەوان بەرانبەر ئەو خەتیبە شـافیعی مەزهەبە هەڵوێسـتیان زۆر توند بوو بەمافی خۆیانیان دەزانی جگە لە شـافیعی

مەزهەب ڕێگە نەدرێت مردووی مەزهەبێکی تر لەو گۆڕستانە بە خاك بسپێردرێت.

بەم هۆیەوە فیتنەو شەڕو ئاشوبێك لە نێوان شوێنکەوتوانی هەردوو مەزهەبدا سەری هەڵدا، فیتنەکەش بەردەوام بوو تاکو (المقتفي) خەلیفەی عەبباسی ئەو سەردەمە بە خۆی دەست تێوەردانی پرسەکەی کرد وشەڕەکەی راگرت و نەیهێشت حەنبەلییەکان ڕێگری لە ناشتنی تەرمی ئەو کەسە شافیعییە بکەن لەو گۆڕستانە و بەهەر حاڵێك بوو ڕیگە درا ئەو مردووە شافیعییە لەو گۆڕستانەی کە پێشەوا احمد بن حنبل ی تێدا نێژرابوو بنێژرێت.

فیتنەی دەمارگیری مەزهەبی لاپەڕەیەکی ڕەش بوو لە مێژووی ئیسلامدا هەرگیز ڕێگە مەدەن بە هیچ بیانوو وبەهانەیەك کەس زیندووی بکاتەوە.

بڕوانە: سبط بن الجوزي: مرآة الزمان ، ج 1 ص: 182 .